## پاراستن و ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرش دەکەنە سەر خوشکی دکتۆر کەمالی سەید قادر و سێ کەس بریندار دەکەن

لە سمیناری مافی مرۆڤدا لە مرۆڤ دەدەن.
لە سمیناری مافی ژناندا لە ژن دەدەن.

لە ڕۆژی( 30 – 03 – 2006 ) لە شاری کۆلۆنی ئەڵمانیا و لە میانەی کۆڕێکدا کە بۆ مەهاباد قەرەداخیی ڕاوێژکاری نێچیر بارزانی ئامادە کرابوو، ئەندامان و پاراستنەکانی پارتی هێرشیان کردە سەر ئاواز خانمی خوشکی دکتۆر کەمالی سەید قادر.
لەگەڵ ئەوەی کە ناونیشانی کۆڕەکە خواسوباس بوو لەسەر مافەکانی ئافرەت و مرۆڤ لە کوردستاندا، بەڵام بە شێوازێکی دوور لە شارستانییەت و دوور لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و بە تایبەتیش مافی ئافرەت، تەنها لە سەر گوتارێکی ئاوازی سەید قادر کە ڕایگەیاندبوو مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بوونی نییە، بەو بەڵگەی کە ئێستا دکتۆر کەمالی برای لەسەر ئازادی بیروڕا دەربڕین لە لایەن دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی بارزانی و پارتییەوە لە هەولێر لە زینداندایە.
مەهاباد قەرەداخیش بە ناوزەدکردنی دکتۆر کەمال وەک کەسێکی تێکدەرە نەک نووسەر، بشێوییەک باڵی کێشا بە سەر هۆڵەکەدا و پاشانیش بە بەرزکردنەوەی وێنەی دکتۆر کەمال لە لایەن خوشکەکەیەوە، هێرشێکی درندانە کرایە سەر خۆی و دوو کەسی دی، کە یەکێکیان کچێک و ئەوی دیش لاوێکی قوتابی بوو کە وێنەی کۆڕەکەی دەگرت.
دەرەنجام خوشکی دکتور کەمال و کچەکەی دی بریندار کران و قوتابییە لاوەکەش دەستی شکێنرا و دەسبەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.
بە هاتی پۆلیس بۆ ناو کۆڕەکە و وەرگرتنی ناونیشان و ئەدرەسی ئەو کەسانەی کە هێرش و پالامارەکانیان ئەنجام دابوو، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو تاوانبارانە بدرێنە دادگا و سزای یاسایی خۆیان وەربگرن.
ئێمە وەکوو کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر، داوا لە هەموو ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەران دەکەین کە ئەو هێرش و پەلاماردانە پڕ شەرمەزارییەی ئەندامان و لایەنگرانی پاراستن و پارتیی بنەماڵەی بارزانی بە توندی مەحکووم بکەن. هەروەها پەیوەست بن لە سەر بەردەوامبوونیان بۆ ئازادی بیروڕا دەربڕین و بە تایبەتیش ئازادکردنی بێ هەل و مەرجی دکتۆر کەمالی سەید قادر.

ناوەندی کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر
**ژووری کوردستان یەنایتد – پاڵتاک 31 – 03 - 2006**